# پرۆژەی بیكەر - هاملتۆن، یان پاراستن و بەردەوامبوونی بەرژەوەندی ئەمریكا؟

مەحمود محەمەد عوسمان
m_o_osman@hotmail.com



پێشەكی

( هاندەری سیاسی، كە وایكرد لە كۆنگرسی ئەمریكی هەستێت بە دروستكردنی ئەم لیژنە سەربەخۆیە ئەوەیە: دۆزینەوەی دەرگایەک بۆ ئەوەی ولاتە یەكگرتووەكان نەعلەتی عێراق بەجێبێلێت و كەرامەتی پارێزراو بێت )
ولیام فاف سیاسەتمەداری ئەمریكا.

.............................

( ئەم راپۆرتە نابێت وەک بە لگەیەکی سیاسی وەربگیرێت، بەلام بەلگەیەكە دەبێت سەیری بكرێت وەک ئەوەی كە بەرهەمی بیروباوەڕی هاوبەشی ئەندامانی هەردوو حزبەكەیە ( كۆماری و دیموكراسیخوازان)
جیمس زغبی
سەرۆكی ئینستیودیتی عەرەبی ئەمریكی.

.............................

لەو دارشتنەی كە بیكەر پرۆژەكەی پێشكەشكرد، وتی: ئەم راپۆرتە ئیستراتیجییەتێكی گشتییە، بەتایبەتی دانرا بۆ چارەسەری ئەو كێشەیەی كە رووبەڕوومان بووەتەوە لە عێراقدا، هەروەها ئیستراتیجییەتێكە پەسەند كراوە بۆ كێشەكانی تری ناوچەكە و بۆ گەڕانەوەی سومعەتی ئەمریكا .

جیمس بیكەر لە سەرەتای نەوەتەكان كە ئەو كاتە وەزیری دەرەوە بوو، لە مەدرید پایتەختی ئەسپانیا، لایەن دژایەتییەكانی ئەم ناوچەی كۆ كردەوە و دژی بیروبۆچوونی كۆنسەرڤاتیڤە نوێكان قسەی كرد، و باسی لە گەڕانەوەی جۆلانی كرد بۆ سوریا، هەروەها دژ بە ئیسرائیل. بۆیە ئێستە كێشەی عێراقی بەستووەتەوە بە ناوچەكەوە و باس لە دانشتنی راستەوخۆ دەكات لەگەڵ سوریا و ئێراندا، تەنانەت دەڵێت دەبێت هیچ مەرجێک دانەنرێت بۆ دانشتنەكە.

ئەم پرۆژەیە نوێ نییە و ولاتانی ئێران و سوریا و ئیسرائیل شارەزان لە بنەماكانی ئەم پرۆژەیە، و لایانەكانی عێراقیس تاڕادەیەک.

هەر پرۆژەیەک یان پەنابردن بۆ كردەوەیەک كە دادەنرێت، لەسەر بنەمای قازانج و كارتیكردنی ئەو لایەنانە كە دژ بەو قازانجەیە ودژ بە بەردەوامبوونییەتی، ئیتر ئەم دژایەتیە لە هەر روویەكەوە بێت، ( سیاسی، ئابوری، تەنانەت فەرهەنگی). بە مانایەكی تر، هەر كاتێ هەست بكرێت كە هەڕەشە هەیە بۆ سەر ئەو بەرنامەی كە دانراو، ( ئەگەر وەک بەرژەوەندی تاكەكەسیش بێت)، ئەوا دەبێت چاوێ بە نەخشەكە بگێڕیت و هەوڵ بدرێ بە فۆرمێكی تر هەمان مەبەست بپێكێت. هەروەها چی خاڵیک زۆرتر كار دەكات سەری، ئەو خاڵە ئیعتباری زۆرتر بۆ دادەنرێت. ئەم پرۆژەیەیش لەو بیرۆكەیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.

1_نەخشەی جیهانی بۆ ئەمریکا و نەخشەی تایبەتییەکانی هەر وڵاتێکیش، لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیەوە سەیری دەکات. هیج کات بە درێژایی مێژووی هاوچەرخی ئەمریکا، گوێ لە هیوا و ئاواتەکانی گەلانی نەگرتووە، ئەگەر گەلان یان خەڵکی ڕۆشنبیر وا بیریان کردبێتەوە، ئەوە لێکدانەوەی خەڵکە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی کە گورزی کوشەندەیان خواردووە و بەراورد دەکرێت لەگەڵ ژیان لە وڵاتانی تر وەک ئەمریکا. بە دەیان جۆر وشێوەی جیاواز لە دەسەڵات و حکومڕانی هەیە لە جیهاندا و مافی مرۆڤ و ئازادی تێدا بەدی ناکەین، بەڵام لای ئەمریکا جێگای ڕێزن،( دەسەڵاتی سەربازی، کودەتای سەربازی، ڕژێمە کۆنەپەرستەکان، ئەو بزووتنەوانەی کە لەگەڵ دەسەڵاتی ئەمریکان، دەوڵەتی بەناو عەلمانییەتیش). بۆیە سڵی نەکردووەتەوە لە هیچ ڕێگرێکی ئەخلاقی بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانی. بۆ نموونە، پشتگیری دەسەلاتی مشەڕەف لە پاکستان، کە بە کووتەدا هات، سعودی عەرەبی کۆنەپەرست، کە ئەمریکا حەرفێکی نییە بەرامبەری، دژایەتی ئەمریکای لاتین، کە بە هەڵبژاردن خەریکن ژیانیان بەرەو باشتر دەبەن، پشتگیری تورکیای سەربازی کە وەک منداڵێکی مدەلەلی ئەمریکایە)

ئەم ڕاپۆرتەی بیکەر _ هاملتۆن، وەک بەشێکی جیانەکراوە لە سیاسەتی ئەمریکادا بەڕێدەخرێت، و زادەی بیرکردنەوە 10 سیاسی و زیرەکی ناو هەردوو حزبن، کە لە زۆر کێشەکانی جیهان هاو دەنگن، ڕەنگە هەندی جار فۆرمەکە جیاواز بێت، یان نەشارەزایی خۆمان لە ئیستراتیجیەتی ئەمریکا وامان لێدەکات کە بلێن جیاوازە.

2_ ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامی شکستی ئەمریکایە لە عێراق، بەتێکلاوبوونی بۆ کێشەکانی دەرەوەی عێراق کە ئیسرائیل و فەلەستین و سوریا و ئێران دەگرێتەوە. هەر کاتێ شکستی هێنا بێت بە فۆرمێکی ترەوە هاتووە، نەک لە ڕووی سەربازی و سیاسی، بگرە بۆ کێشەکانی ئابووری لەگەڵ ئەوروپا، کێشەکانی لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووکان، پەیوەست بە زۆر بەندی دادگای جیهانی لاهای( بۆ نموونە، لە ساڵی 1986 ئیدانەی ئەمریکا کرا بە هۆی بەکارهێنانی نایاسایی بۆ هێز، بەڵام ئەم ئەمریکایەی دۆستی گەلان فیتۆی بەکار هێنا). شکست بەهەموو ماناکەی( سیاسی، گیانی،ئەخلاقی، ئابووری) ئەمە لایانێکی. بەرامبەر ئەم شکستەییە، سوور بوون لە بەردەوامبوونی پاراستنی قازانجەکەی وەک دەسەڵاتێک لە پاڵ هێرشە سەربازییەکانی، و چاوچنۆکی و پاوانخوازی خۆی دێتە پێشچاو کە ڕوو بەڕووی ئەو شکستییە دەبێتەوە، پەنا بردنیش بۆ چەسپاندنی ئامانجە سیاسی و ئابوورییەکانی، بە سوپایەکی گەورە لە پێشنیار و ڕاپۆرت وبلاوکردنەوەی هەموو بیرۆکەیەک کە ئەمریکا خاوەن تاکە هێزە و چارەنووسی گەلان دیار دەکات و هەر ئەو خاوەن قسەی یەکەم و کۆتاییە. باسەیری ئەم وەسفەی ڕۆشنبیری ئەمریکی بکەین:(لەڕاستیدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لە زۆرترین ڕۆشنبیری ئوسوڵی توندڕەو لە جیهاندا، نەک تەنها لە ڕووی دەوڵەتەوە بگرە لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە. لە جیهانی ئیسلامیدا ئەگەر بزووتنەوەی تاڵەبانی لێدەربکەین، ئەوا سعودی عەرەبی گەورەترین وڵاتی ئوسوڵی و توندڕەوە، لە درووستبوونیەوە ئەم دەوڵەتە هاوپەیمانی ئەمریکایە. و لە ڕاستیدا تاڵەبان، بەشێکە لە کۆپی سعوودیە لە ئیسلامدا) "1" .

3_کۆی ئەم تەوسییانە دەتوانم بە 3 بەشی سەرەکی کۆی بکەمەوە، کە ئەم سێ بەشە هەموو سیاسەتەکانی لەسەر دەوەستێت.(آ)– عێراقێکی بەهێز، دەسەڵاتێکی خۆیان واتەنەی نیشتمانی یەککرتووی بە هێز، ئەم هێزەیش لەوەدا خۆی دەبینێ کە هەموو بەشەکانی عێراق بەشدار بن و هیچ هێزێک نەبێت وەهوڵدان بۆ گەڕانەوەی بۆ بەعسییەکان. دەوڵەتێکی ناوەند کە دوور بێت لە خواستی خەڵک بەڵام نزیک بێت لە قازانجی ئەمریکا (ب)– عێراق بتوانێت نەوتێکی زۆر بنێرێتە دەرەوە، و نەوتەکە بە گوێرەی کۆمپانییەکانی ئەمریکا بێت بە شێوەیەکی

ناڕاستەوخۆ باسی کردووە، هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لە هەرە هۆکان کە ئەمریکا باس لە ئارامی عێراق دەکات. هەڵبەتە لەم نەوتە ئەمریکا بێبەش نابێت.(ج)– ڕازیکردنی وڵاتانی دەرهاوسێ، ئەوانیش بەشیان هەبێت چی لە بڕیاری سیاسی یان لە باری ئابووری.

## کوردستان و ئەم هاوکێشەیە

کوردستان، هاوکێشەیەکی لاوازە لە ڕوانگەی ئەم پڕۆژەوە، چی وەک پێشتر نەهاتوون بۆ کوردستان( مانای وایە ئەهمیەتێکی نییە) وە چی کوردستان نەئی نەووتووە و بێدەنگە بوو بەرامبەر ئەمریکا، تەنانەت وەک داوکاری مافەکانی خەڵکی کوردستان. کەوابوو چی پێناسەیەکیان یان مەبەستێکیان هەبێت بۆ کوردستان، هۆی شیلگیربوونی دەسەڵاتی کوردستان نییە لەسەر مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان، ئەوەیش پێشاندەدات کە ئەم دەسەڵاتەی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی هێچ قسەیەکی نەبووە، بۆ جۆری حوکم و بۆ پێناسەکردنی دەسەلاتی خۆیان، بۆ سنوور، بۆ ئاواتەکانی خەڵک، بۆیە لە دێرێکدا دەڵێت ( دەڵێت لە زمانی جەنەڕاڵێکی ئەمریکییەوە، کوردەکان هەتا ئێستە نازانن چی جۆریک لە دەوڵەتیان دەوێت). هەروایش بوو لە مێژووی هاوچەرخی سیاسی کوردستان، هەمان باروذۆخ تاڕادەیەک لەیەک نزیک بووەتەوە و پاشان بە هاودەنگی یان بە ڕێککەوتن یان وەک ئەم پرۆژەیە کوردستان دووبارە توشی شکست هاتووە. هەرچەندە من بە گەرانەوەیش بۆ پێش ئەم ڕاپۆرتەش، هەر بێ ئاسۆییە و دواڕۆژی کوردستان دەستنیشان ناکات، تەنها لە ناو عێراقێکی بەهێزی ئەمریکی، بەڵام ئەڵێم ئەم ڕاپۆرتە مەسەلەکە زۆرتر خەستدەکاتەوە.

زۆرجار لە زاری خەڵکی سادەوە ( مەبەستم کەسانی دوور لە ڕۆشنبیری سیاسی) دەڵین وەک 75 هەمان شت تووش دەبین جارێکی تر ماڵوێرانی و بێهیوا، ئەم قسەیە ئەگەر ڕێکی بخەین وەک مێژوویەکی سەدەی ڕابووردوو بگێڕینەوە، دوای شەڕی جیهانی یەکەم شۆڕشی مەلیک مەحمود درووستبوو و پاشان بە ڕێکەوتن و بەرژەوەندی وڵاتەکان، کۆتای هات بە مەملەکەتی کوردستان. کۆماری مهاباد دوای شەڕی جیهانی دووەم هەلومەرجێ درووست بوو ئەم کۆمارەیش لە دایک بوو، پاشان بە هەمان چارەنووس ڕۆشت. ئەگەر وردتر باسی 1975 بکەین هەر هەمان کات بە شیوەیەکی نادیار شەڕی ئیسرائیل _عەرەب و پاشان بە ڕێکەوت و پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتەکان ئەو شکستە بە مانای وشە هاتە کایەوە، ئەمریکایش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە.و ئەم دەستکەوتەی خەڵکی کوردستانیش، لە دوای شەڕی کەنداو و سەرهەڵدانی کۆمەڵی هۆکار درووست بوو، کێ نەڵێ بەم پرۆژەیە کۆتایی نایەت بە هیوای بەردەوامبوونی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ،( لەو نموونانەدا لە مێژوو هیچ کات ناتوانرێ خەبات و هەوڵ وتێکۆشانی خەڵکی کوردستان پشتگوێ بخرێت، بەڵام دەسەڵات بە درێژایی مێژوو لاواز بوو بەرامبەر حکومەتەکان و بەهێز بوو بۆ سەرکوتکردنی دەنگی خەڵک بۆ سەربەخۆی، و مامەڵەیەکی زیرەکانەی نەکردووە کە هەڵقوڵای بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بێت.

لەم پرۆژەیە بە ئاشکرا قسەی تورکیا ئامادەیە و بە ڕوونی دەڵێت بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی تورکیا تیرۆرستە، سەیرکەن بەرژەوەندی چۆن نیوان دووناوچە کە 10 کم دوورن لەیەکەوە پێناسە دەکات کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوبەشن هەندێ مەسەلەی ڕۆشنبیری نەبێت، زاخۆ و ئەو دیهات و شارانەی کوردستان. با لە سەر زاری ناعوم چۆمسکیەوە ئەم بەڵگەیە بگێڕینەوە کە پرۆفیسۆری زمانەوانییە و کەسێکی خاوەن هەڵوێست و ئۆتۆریتەیە دەڵێت:( لە نەوەتەکاندا وڵاتە یەکگرتووەکان 80% لە تەقەمەنی سەربازی دابین دەکرد بۆ تورکیا بۆ ئەو هەڵمەتەی کە تورکیا ئەنجامیدا دژ بە یاخیەبوونەکانی کورد، لە ناوچەی

باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا. سەدان هەزار کوژران، و 2 بۆ 3 ملیۆن مرۆڤ لە خانووەکانیان دەربەدەربوون، زۆرترلە 3500 دێ ڕوخان( کە دەکاتە 7 ئەوەندەی بۆردمانی ناتۆیە بۆ کۆسۆڤۆ)، دڕەندەترین کوشتاری کرد کە عەقل پەیپێنابات. ئەم چەکانە زۆرتر بوو لە ساڵی 1984، هەتا ئامانجەکابی هاتە دی لە تیرۆر، بەڵام ئەم چەکانە گەرایەوە بۆ ئاستی خۆی لە ساڵی 1999، ئەو کاتەی کە ئامانجی بەدیهات لە ئەو کوشتن و بڕینە) '2"

ئاخر وڵاتێک وەک ئەمریکا بەم مێژووە ناشرین و پڕ لە هەتکردنی گەلانی دونیا، چی چاوەڕێ لێ دەکرێت، کۆماری بێت یان دیموکراسیخوازەکان، بۆش بێت یان کارتەر یان کلینتۆن یان ئەم دوو دڵسۆزەی دەسەلاتی عەسکەری ئەمریکا ( بێکەر و هاملتۆن).

ئەم 15 ساڵە دەکرا ڕێگە خۆشبکرێت بۆ سەربەخۆی، دەکرا خەڵکی لە ئاستێکی تردا بژین، دەکرا قوربانیانی ئەنفال و چەکی کیمیاوی لە ئاستێکی تردا بوونایە لە خۆشبەختەوەری، دەکرا جێگەوڕێگەی مرۆڤ لە پرۆسەی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ و مەتەمەدن دیاری بکرایە، دەکرا پێویستییەکانی مرۆڤ دابین بکرایە بۆ گەشتن بە کەماڵی مرۆڤ لە هەموو ڕوویەکەوە. بەلام دەسەڵات بە هێزە بەرامبەر شەڕی لایانەکان و لاوازە بەرامبەر تەنانەت قوربانی ئەو شەڕە. بەهێزە بەرامبەر ڕیکخراو و کەسانی ئازاد و ڕۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێست کە باس لەسەربەخۆی کوردستان و وشە دەکەن، بەڵام لاوازە بەرامبەر وڵاتانی دەرهاوسێ و کەسانی لاینگری سیاسەتی ئەو وڵاتانە. بەهێزە بەرامبەر ماوە نەدان بە کەسانی خاوەن بیر و بەرنامە لە هەموو بوارەکاندا و مەجال نەدان لە دەرکەوتنیان لە دام و دەزگا ڕەسمییەکان ئەگەر مەبەستی تایبەت نەبێت، لاوازە بەرامبەر کەسانێک کە هەڵگری ڕەشترین بەرنامەن بۆ مرۆڤ و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی لەگەڵیان دەکرێت لە ئاستێکی بەرزو بەشدارن لە دەسەلات. لاوازە بەرامبەر مێژوو بە هێلە پانەکەی، بەهێزە بۆ دەرخستنی لایەنێکی مێژوو کە باس لە بەرزکردنەوەی چەمکێک دەکات بۆ دەسەلات. لاوازن بەرامبەر سەربەخۆی پەروەردە و دوورخستنەوەی حزب و ئاین لە پرۆسەی پەروەردە، بەڵام بەهێزن بۆ ئامادە کردنی پەرورده کە پاشکۆی حزب و بەرنامەی دەسەلات بێت.

تەنها بە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەلک چارەسەری کێشەی کوردستان دەبێت، ئەویش بۆ سەربەخۆی کوردستانە. با یەکجار دەنگی خەڵک وەرگرن و دام و دەزگاکان بخەنە خزمەتیان، ئەو کاتە بزانین قسەیان چییە، ئەمە ئاسانترین کارە کە پەیڕەو دەکرێت لەوڵاتە تەنانەت بەناو دیموکراسییەکانیش. لەم وڵاتانەدە ریفراندۆم بۆ گۆڕینی باخچەیکیش دەکرێت کە بزانن جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە دەروونی خەڵکدا، بەڵام لای خۆمان بۆ مەسەلە گرنکەکان و هەنووکەیەکان چاو دەنووقێنن. دژی ئەم پرۆژەو و دەسەلاتی ئەمریکا و وڵاتانی تر و بۆ لە بنبڕکردنی ئەم بارودۆخە ناسکە و بەو هیوایەی کۆمەڵگەیەکی موتەمەدن درووستبکرێت، ڕیفراندۆمە، و ڕیفراندۆمێش ڕێزگرتنە لە مرۆڤ و خەڵکی کوردستانیش خۆیان ئەدۆزنەوە وەک مرۆڤ کە خاوەن قسەن.

پەراوێزەکان

1– ناعوم چۆمسکی: 11 سپتەمبەر و عەولەمە ، لاپەڕەی 18

2– هەمان سەرچاوە لاپەڕەی 81